ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## دانانی کاریگەری هێڵی TV لەسەر وێنە.

نووسەر : Aso Nadiri
@: Aso.Naderi@Gmail.Com

هەموومان دەزانین کە کاتێك سەریری تەلەفزیۆن دەکەین، هێڵە وردەیەك دەبینین کە لەسەر شتە پیشانداروەکان دەردەکەوێت.
لەم بابەتە دا چۆنیەتی دانانی کاریگەریەکی هاوشێوە شیدەکەمەوە، لەگەڵ جوانترکردنی کە زۆرتر لەگەڵ وێنەدا بگوونجێ و وێنە جوانتر بکات.
بابەتەکە لەسەر فۆتۆشۆپ ٨ نووسراوە.
بۆ دانانی کاریگەریەکە پێویست بە وێنەیەك دەکات کە کاریگەریەکەی لەسەر دابنرێت، بەڵام لە پێشدا Pattern ـێك دروست بکرێت کە هێڵەکانی سەر وێنەکە دەبێت.
پەڕەیەکی نوێ بکەوە، بە قەبارەی ٣ پیکسڵ پان و ٢ پیکسڵ بەرز.




پاشان پەنجە بنێ بە هەردوو کلیلی Ctrl و ژمارەی 0 لەسەر بۆ گەورەکردنی پەڕگەکە تا گەورەترین قەبارە.
ڕەنگی پێشەوە بگۆڕە بۆ ڕەنگێك کە لە ڕەشەوە نزیك بێت، من ئەم ڕەنگەم بەکار بردووە، 515051.




ئێستا پێویست دەکات ئەو وێنە چکۆلەیە پاشەکەوت بکەین وەك Pattern ـێك، بۆ ئەو مەبەستەش بڕۆ بۆ لیستەی Edit, پاشان Define Pattern کرتە بکە.
ناوێکی بۆ بنووسە و پاشان OK کرتە بکە.



وێنەیەك بکەوە بۆ ئەوەی کاریگەریەکەی لەسەر جێگیر بکەیت.
پاش کردنەوەی وێنەکە پەنجە بنێ بە هەردوو کلیلی Ctrl و J بۆ لە ڕوونووسینەوەی چینەکە.
دواتر بڕۆ بۆ Edit و Fill کرتە بکە، پەنجەرەیەکت بۆ دەکرێتەوە.




لە پەنجەرەکەدا لە بەشی Content دا Pattern هەڵبژێرە بۆ بەکاربردن.
لە خوارەوەش ئەو Patternـە هەڵبژێرە کە پێشتر دروستت کرد و پاشەکەوتت کرد، یان دەتوانی لێرە Patternـەکەی من دابگریت.
لە تابلۆی چینەکاندا، دڵنیا بە کە چینی دووەم دەستنیشان کراوە، جۆری پیشاندانەکەی لە Normalـەوە بگۆڕە بە Color Burn، هەروەها نرخی Opacity کەم بکەرەوە بۆ ٥٠٪.
ئەنجامی کۆتایی



کۆتایی.

Dec 2005 10

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت